

# سان و کتێبە پیرۆزەکەی باوکم


ناسر وەحیدی

(بۆکان)


تۆ بڵێی بزانی سان چییە؟ ئەگەر نەشزانی، بە دڵنیاییەوە وشەیەکی لەو بابەتەت کەوتووەتە بەر گوێ. ڕەنگە زەینت یەکسەر بۆ لای چاوپێکەوتنی سیاسەتوان و گەورەپیاوانی وڵاتان بچێ کە بۆ سەفەری ئابووری و سیاسی سەردانی وڵاتێکی دی دەکەن، هێزێکی سەربازی چەکداری ڕێکوپێکی بۆشناغ بەبەرچاوی ئەو کەسایەتییانەوە مەشقی سەربازی دەکەن. من پێت دەڵێم ئەمە لایەنێکی مانای سانە، ئەوەی من دەمەوێ باسی بکەم، مانایەکی جیاواز لەوەی هەیە، ئەگەرچی ئەویش پێوەندی بە هێزی لەشکر و سەربازییەوە هەیە.

سان تا کۆتایی دەسەڵاتی قەجەرەکان پلەیەکی دەسەڵاتی سیاسی سەربازی بووە کە لەلایەن والی و حوکمڕانانی ئێرانەوە دراوە بە کەسانێک کە لە ناوچەکەدا سەرۆک عەشیرەت و خان بوون، جاری وابووە ئەم پلەیە بە کەسانێکی ئازا و دەسکەرەوە دراوە کە نە خان بووە و نەئاغا. سان بە هۆی هێزێکی چەکدارەوە کە لەژێر فەرمانی دابووە لەناو کۆمەڵگەدا پلە و پایەی لە خان و ئاغا بەرزتر بوو. جگە لەمەش سان پێگەی ڕێبەرایەتی ئایینیشی هەبووە، خەڵکی دەڤەرەکە بۆ چارەسەری گرفتەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی پرس و ڕایان پێ کردووە، بۆ وێنە سان فتوای داوە هەرماڵێک چێشتی گەرم لێ بنێ، دەبێ بەشی ئەو ماڵە هاوسێیانەش ساز بکا کە بۆنەکەی بەسەریاندا دەچێ.

من دەمەوێ چیرۆکی سانتان بۆ بگێڕمەوە، ڕەنگە وابیر بکەنەوە گێڕانەوەی چیرۆکێک چ پێویستی بە باسکردنی ئەم حەیس و بەیسە هەیە. دڵنیام پاش تەواوکردنی چیرۆکەکە لەگەڵ من هاوڕا دەبن،

کە ئەم ڕوون کردنەوەیە چەندە بۆ کردنەوەی گرێ کوێرە و تێگەیشتن لەم چیرۆکەدا پێویست بووە.

باوکم فەتاح خان پیاوێکی چوارشانە و مچومۆڕی بەهەیبەت و کەم دوێیە، مووی برۆی وەک کەپر نسێی کردووەتە سەر چاوی، سمێڵێکی بابڕی ڕەشی قەترانی هەیە کە تاڵەکانی بە قەرا تاڵە بەنێک ئەستوورن. ڕەنگە پیاوی بەقەوەتیش بەزەحمەت بتوانێ چڵێکی لێ تاڵکێش بکا. ئەو برۆ و سمێڵە سیمای لەبەر چاوی ئێمە و خەڵکی زۆر بەسام کردووە. بەم تایبەتمەندییەوە پیاوێکی ئیماندار و دڵناسک و بە بەزەیییە، ڕۆژانە زۆر بەوردی نوێژ و تاعەتی خۆی بە تەواوی لەکاتی خۆیدا بەڕێوە دەبات. هەر لە تەمەنی منداڵییەوە ئێمەی ڕاهێناوە لە تەنیشتی خۆی نوێژ بکەین و ڕۆژوو بگرین. پاش تەواو کردنی هەر نوێژێک دەست بەرز دەکاتەوە قنووت دەخوێنی، فاتیحا بۆ پێغەمبەران و ئەولیا و مردووەکانی دەنێرێ. بۆ کەسێکیش کە زۆری بەلاوە گرینگە، ئەویش باپیرە گەورەی باپیریەتی. ناردنی فاتیحا بۆ هەموو ئەو کەسانە ڕەنگە پاساوێک بێ بۆ باپیرە گەورەی باپیری. هەموو جارێ لە پاش ناردنی فاتیحا، دوو دڵۆپ فرمێسک لە ژێر کەپری برۆیەوە دەڕژێنە سەرگۆنای، بەر لەوەی بێڵێ دایکم و من و خوشکم بیبینین بە قامکە کەڵەی هەر دوو دەستی دەیانسڕێ، ئەنگوستی ماچ دەکا و بەسەر برۆیدا دێنێ. من هەر لە کاتی منداڵییەوە دەمەویست کە گەورە بووم ببمە پیاوێکی بەهەیبەتی وەک باوکم، بەوردی زەینم بە هەموو هەڵسوکەوتەکانی دەدا کە هیچم لە یاد نەچێ. من ئەو دوو تنۆکە فرمێسکانەم دەبینی بەر لەوەی بیانسڕێتەوە.

باوکم لە باوکی خۆی و باوە گەورەم لە باوەگەورەی خۆی بیستبوو کە باوەگەورەی ئەو حەمەسان پیاوێکی زۆر ئازا و ڕەشید و موسڵمان بووە، جەنگاوەرێکی زۆر بە هەیبەت و بەسام بووە، کەس نەیتوانیوە لە حاندیدا پەل ببزێوێ. لەگەڵ ئەوەشدا پیاوێکی ئیماندار بووە، قەت نوێژی بە قەزا نەچووە. دوژمنەکانی لە کاتی شەڕدا باشاریان نەکردووە، بۆیە لە کاتی نوێژی بەیانیدا زەفەریان پێ بردووە، کاتێک کە چووەتە سوجدە دەرفەتیان لێ هێناوە فیشەکێکیان ناوە بە کەڕاکەی سەریەوە. لەسەر سوجدە هەڵناستاوەتەوە، خوێنی پاکی بەرماڵەکەی سوور دەکات. باوکم ئەم چیرۆکەی دەیان جار بۆ دایکم و من و خوشکم و مام و پوورەکانم گێڕابووەوە، دیسانیش دەیگێڕێتەوە، بەتایبەتی لە بەیانی ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزان و قوربان و مەولوود و بەرات لە پاش نوێژی جەژن، فاتیحا بۆ ڕۆحانەتی دەنێرێ، بە ئێمەش دەڵێ دەسبگرنەوە من دوعا دەخوێنم، ئێوەش بڵێن ئامین. من ئەو کاتە باش لە قسەکانی حاڵی نەدەبووم، کاتێک لە بەینی دوعاکەی دا دەوەستا، دەمزانی کە کاتی گوتنی ئامینە، بە دەنگی بەرز دەمگوت ئامین.

ئەم گێڕانەوانە بەردەوام بوو، تا من گەورە بووم و قۆناغی دوا ناوەندیم تەواو کرد، خۆم بۆ تاقی کردنەوەی زانکۆ ئامادە دەکرد. ڕۆژێک فەتاح خانی باوکم لە ناکاو زۆر بە پەلە هاتەوە ماڵێ، دیتم کتێبێکی قەوارە گەورە و ئەستووری بەدەستەوەیە! پێم سەیر بوو ئەو کە خوێندەواری نەبوو! ئەم کتێبە چی بوو بە دەستییەوە، ئەوە هەوەڵجار بوو کتێبم بە دەستییەوە دەبینی. لە کاتێکدا کە من واقم وڕمابوو کوتی: هەتیم! دا ئەم کتێبەم بۆ بخوێنەوە بزانم چی نووسیوە؟ لە بازاڕ کڕیومە، دەڵێن باسی باپیرە گەورەی باوکم حەمەسانی تێدا نووسراوە. ئەوەی کە کافران لە کاتی نوێژی بەیانیدا لەسەر سوجدە

شەهیدیان کردووە. کتێبەکەی دایە دەستم، منیش لام سەیر بوو. تا ئەو کاتە لە قسەکانی باوکم کەمێک دڕدۆنگ بووم، ئێستا کە ناوی لە کتێبێکی مێژووییدا هاتبوو و باسی کرابوو، دوو هێندەی ئەو تامەزرۆ بووم هەرچی زووتر ئاگاداری چۆنیەتی ژیان و شەهید بوونەکەی بزانم. بە تامەزرۆییەوە خێرا کتێبەکەم لێ وەرگرت، چاوم بە پێڕستی ڕووداو و ناوی کەسایەتییەکاندا گێڕا. لە پڕ ناوی حەمەسانم کەوتە بەرچاو، لە خۆشیان شاگەشکە بووم.

لەگەڵ هاوڕێ و هاوپۆلەکانم زۆرجار وا هەڵکەوتبوو لە نێوانماندا باسی بنەماڵە و سەربەهۆردی کەسایەتی بنەماڵە هاتبێتە گۆڕێ، من لە زمانی باپیرەی باپیری باوکمەوە بە پارێزەوە ئەم چیرۆکەم چەند جارێ گێڕابووەوە. ئێستا بە هۆی ئەم کتێبە مێژووییەوە کە ڕووناکایی دەخستە سەر سەربەهۆردی باپیرەگەورەی باپیرەم، دەمتوانی بیکەمە بەڵگە و شایەد، باو فیس لەخۆم بکەم و خۆمی پێوە ڕابنێم. ئەو حەز و تامەزرۆییەم لە چرۆچاوی باوکیشمدا بە ئاشکرایی دەبینی، سەر و سیمای لە جاران ڕوونتر و کراوەتر بوو، زاری تا بناگوێی کرا بووەوە، ددانە دەسکردە سپییەکانی بە جوانی لە زاریدا دەژمێردران. بە قوونەخشکە هەر لێم نزیک دەبووەوە. بەسەرمدا گوڕاندی: هەتیم زووکە بزانم چۆن باسی حەمەسانی باپیرەگەورەی باپیرەمی کردووە، خۆ تۆ نایناووسی! زووبە بۆم بخوێنەوە.

من زیاتر لە باوکم تامەزرۆ بووم، بە خێرایی چاوم بە پێرستی بابەتەکانی کتێبی حوکمڕانانی ناوچەی ئەوراماناتدا گێڕا، لە لاپەڕەی ٣٦٥ دا ناوی حەمەسان باپیرەگەورەی باپیرەم دۆزییەوە. باوکم زۆر بەپەلە بوو، بە سیخورمە خەریک بوو کەڵەکەی کون دەکردم. منیش لەبەر خۆمەوە زۆر بە لەسەرەخۆیی دەمخوێندەوە، چاوم بە قەرایی کەشکە فەریکەیەک دەردەپەڕی، سەرم لەو نووسراوانەی ئەم کتێبە سووڕ مابوو. پاش خوێندنەوەی بابەتەکە لەکاتێکدا کە ئارەقە بە ناوچاوان و جۆگەلەی پشتمدا دڵۆپ دڵۆپ دەچۆڕاوە، بەئارامی کتێبەکەم لێک نا، ڕووم لە باوکم کرد کوتم: باوکە گیان هەر ئەو جۆری کە جەنابت سەتان جار بەوردی و بەژیری بۆت گێڕاوینەتەوە، باپیرەگەورەی باپیرەم لەسەر بەرماڵ شەهید کراوە.

من ئەو شەوە وەک لەسەر پشکۆی ئاگر دانیشتبێتم لە پاش خوێندنەوەی ئەو کتێبەوە، یانی خۆێندنەوەی سەربەهۆردەی باپیرەگەورەی باپیرەم، نەمزانی چیم خوارد و چیم کردووە. بیر و هۆشم هەر لەلای چارەنووس و سەربەهۆردەی حەمەسان، یانی باپیرەگەورەی باپیرەم بوو. لە دەرفەتێک دەگەڕام بەهانەیەک بدۆزمەوە خۆم لەو جەو و کەشەی کە بەسەرمدا زاڵ ببووبوو، قوتار بکەم. لەو کاتەدا زەنگی تەلەفۆن وەفریام کەوت، یەکێک لە هاوڕێکانم بوو. دەستم دا کتێب و تەلەفۆنەکە چوومە نهۆمی خوارەوە بۆ ماڵەکەی خۆم. باوکم وەک شتێکی تایبەتی و گرینگ و بەنرخی خۆی لێ هەڵگیرابێ، خێرا دەنگی دام کوتی: هەتیم ئەو کتێبە دانێ، بۆ کوێی دەبەی؟

کوتم: دەمەوێ ژیاننامەی سانەکانی تریش بخوێنمەوە تا بزانم کەسی دی وەک حەمەسانی تێدا هەبووە کە لەسەر سوجدە شەهید کرابێ. گورجێ بە کتێبەکەوە لە ژوورەکە خۆم دەرباز کرد. بڕوام بە چاو و مێشکم نەدەکرد، ئەوەی کە پێشتر خویندبوومەوە ڕاست بێ. بۆ دڵنیایی دەرکەی ژوورەکەم لەپشتەوە قفڵ کرد، چاویلکەم لە چاو کرد. ئەوجار زۆر بەوردی و لەسەرەخۆیی دووبارە ئەوەی سەبارەت بە حەمە

سان باپیرەگەورەی باپیرەمەوە نووسرابوو، خوێندمەوە. پێویستە بەر لەوەی کتێبەکەتان بۆ بخوێنمەوە ئاماژە بە دەسەڵاتی سانەکان بکەم. هەر سانێک بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی حوکمڕانی خۆی پێویست بوو بە جۆرێک حاکمی شارەکانی دەوروبەری ڕازی بکا کە بێنە ژێر دەسەڵات و حوکمڕانی خۆی، ئەوەش یان بە ژن و ژنخوازی، یان بە ناردنی دیاری و بەخشینی موڵک و ماڵ ڕازی دەکرا کە بچنە ژێر دەسەڵاتی حوکمڕانی ئەو. ئەگەر کارەکە بەوانە مسۆگەر نەبووایە، سان هێرشی دەکردە سەریان بە زۆری هێز ئەو سانەی دەخستە ژێر دەسەڵاتی خۆی.

کتێبەکە ئاوای نووسیوە کە بۆتان دەخوێنمەوە: لەو کاتەدا لە نەوسوود حاکمێک هەبووە کە حەمەسانی باپیرە گەورەی باپیرەم بە هیچ کلۆجێ بۆی ڕازی نەبووە بچێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو، ئەویش بە ناچاری هێزێکی زۆری کۆ کردووەتەوە و بەرەو نەوسوود کەوتووەتە ڕێ. شێخ عوسمانی گەورە، ڕێبەری تەریقەتی نەخشبەندی بە قورئانەوە دەچێتە بەر لەشکری حەمەسان، لەبەری دەپاڕێتەوە بیکا بەخاتری حورمەتی ئەو قورئانە لەشکرەکەی بگێڕێتەوە، دەست لەو هێرشە هەڵگرێ. کوتوویە: حاکمی نەوسوود کورد و موسڵمانە، برای دینی و هاوڕەگەزە و هاوزمانی ئێمەیە. کتێبەکە نووسیویە حەمەسان باپیرەگەورەی باپیرەم شەقێکی لە قورئانەکە هەڵداوە، بە لەشکرەوە بەرەو نەوسوود کەوتووەتە ڕێ. لە شەڕ و پێکدادانێک کە لە نێوان لەشکری حەمەسان و حاکمی نەوسوود ڕوو دەدا، لەشکری باپیرەگەورەی باپیرەم دەشکێ. حەمە سان گوللە و بارووتی لێ تەواو دەبێ، لە ناچاریدا مشکییەکەی لەسەری دادەگرێ. هێندێک خۆڵ لە سەر وچاو و جلەکانی دەساوێ، لە دوو سێ شوێن تڵیش دەخاتە نێو جلەکانی. خۆی لەژێر گەوەنێک حەشار دەدا. پیاوەکانی هێزی حاکمی نەوسوود پاش سەرکەوتن، لە دووی کوژراو و بریندار دەگەڕێن، حەمە سان لە ژێر گەوەندا دەدۆزنەوە، کەسێک لەوانە دەناسێتەوە کە پێشتر باوەگەورەی باپیرەمی بینیبوو. دەستی دەبەستن دەیبەن بۆ لای حاکمی نەوسوود. حاکم دەستوور دەدا لە تۆڵەی بێ حورمەتی بە قورئانی پیرۆز و ئەو خوێنانەی کە بەبێ گوناحی ڕژاون حەمەسان بکوژن... حەمەسان باپیرەگەورەی باپیرەم داوا دەکات ئیزنی بدەن بەر لە کوشتنی، دەسنوێژ هەڵگرێ، دوو ڕکاعەت نوێژ بخوێنێ. حوکمڕانی نەوسوود ئیزنی دەدا داواکەی بەجێ بێنێ. کە حەمەسان دەسنوێژ هەڵدەگرێ و نوێژەکەی دەخوێنێ، کاتێک دەچێتە سەر سوجدە وەبەر گوللەی دەدەن وەک سەگ دەیتۆپێنن. لەبەرماڵەکەی دەیپێچن و لە چاڵێکی دەخەن. ئەوە دەقی تەواوی نووسراوەی کتێبەکەیە.

کاتێ لەخوێندنەوەی کتێبەکە و سەربەهۆردەی باپیرەگەورەی باپیرەم بوومەوە، تاسێک بەسەرمدا هات. بیرم لەوە دەکردەوە چ چارەیەک بدۆزمەوە کە خەون و خەیاڵە خۆشەکانی باوکم و ئەندامانی بنەماڵەکەمان کە تەمەنێک بەو مێژووەی کە باوکان بۆ کوڕ و نەوەکانیان گێڕابووەوە، نەشێوێنم. ئێستا کە لەنێو بنەماڵەکەماندا کەسی خوێندەوار سەری هەڵدابوو، مەترسی ئەوەم هەبوو ڕۆژێک کەسێکی خوێندەوار بچێتە ماڵی باوکم. باوکم بۆ خۆ ڕانان و فەخرفرۆشی کتێبەکەی بداتە دەست، داوای لێ بکا سەربەهۆردەی باپیرەگەورەی باپیرەی بۆ بخوێنێتەوە. ئامۆژگاریم بەهەموو خزم و کەس و کار کرد لەئاست نووسراوەی کتێبەکە چاویان بنووقێنن، ئەوەی باوکم گێڕاویەتییەوە و دڵی پێی خۆشە، کتێبەکە ئاوا بخوێننەوە.

**١٦گەلاوێژی ١٤٠٤**